cyan magenta yellow black File: p.14-15 fl ˙ Æ˝ ” 3



خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/12/7 ژمارە (5408)

# ناپۆلی بۆندی فەوزی غولامی تازەکردەوە

یانەی ناپۆلی لەسەر ماڵپەڕی خۆی بڵاویکردەوە کە بۆندی بەرگریکار فەوزی غولامی تا ساڵی 2022 تازەکردەوە، یاریزانی نێودەوڵەتی جەزائیری بۆندەکەی لەکۆتایی ئەم وەرزە تەواو دەبوو. ڕاگەیاندنی ناپۆلی بۆ نوێکردنەوەی بۆندی ناوبراو وەڵامێک بوو بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی لەمیدیاکانی ئیتاڵیا بڵاوکرانەوە، بەتایبەتی (لاگازیتا دیلۆ سپۆرت) کە داوای سڕکردنی گفتوگۆ سەرەتاییەکانی کرد دوای ئەوەی تووشی پێکانی پچڕانی ماسولکەی دووسەری بوو.

## فرانس فوتبۆڵ باشترین گۆڵپارێزی جیهانی دەست نیشانکرد



گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فەرەنسی براوەی ساڵانەی خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی جیهانی ئاشکراکرد، ڕۆژێک بەر لە ئاشکراکردنی ناوی براوەی خەڵاتی تۆپی زێڕینی .2017کە سەرکردەی یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی مانوێل نوێر وەکو باشترین گۆڵپارێزی ساڵی 2017 لەلایەن گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ دەست نیشانکرا، دوای ئەوەی ململانێیەکی بەهێزی لەگەڵ گۆڵپارێزی بەتوانای ئیتاڵی جیۆلۆجی بۆفۆن لەیانەی یۆڤی و تیبۆ کۆرتوای گۆڵپارێزی یانەی چێڵسی کە لەپلەی سێیەم هات. بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو گۆڵپارێزی یانەی مان یونایتد داڤید دی خیا لەپلەی حەوتەمی ئەم لیستە هات، کە هەریەک لە هۆگۆ لۆریس و یان ئۆبالکی سلۆڤینی و کیلۆر ناڤاسی کۆستەریکی پێشی کەوتنەوە. گۆڤاری (فرانس فوتبۆڵ) پەنای بردە بەر لیژنەی ناوبژیوانی کە لە 5گۆڵپارێزی پێشوو پێکهاتبوون بۆ دیاریکردنی براوەی خەڵاتی ئەمساڵ، کە هەریەک لە سانتیاگۆ کانیزارێسی ئیسپانی و سیپ مایەری ئەڵمانی و لیۆنێل لیتیزی و مارک شوارزەری ئوسترالی و فرانشیسکۆ تۆڵدۆی ئیتاڵی پێکهاتبوون.

# بەر لەخەڵاتی تۆپی زێڕینی ئەمشەو.. 7ڕاستی پێویستە بیزانیت

بڕیارە ئەمشەو لەپاریس ناسنامەی خەڵاتی تۆپی زێڕین ئاشکرا بکرێت کە لەلایەن گۆڤاری (فرانس فوتبۆڵ) پێشکەشی باشترین یاریزانی جیهان لەساڵی 2017دەکرێت، کە کریستانۆ ڕۆناڵدۆ سەرووی پاڵاوتنەکانی گرتووە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم نازناوە، دوای بردنەوەی خولی یانە پاڵەوانەکان و لالیگا لەوەرزی ڕابردوو، هەرچەندە مێسی هەلی بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتەی هەیە، خەڵاتی تۆپی زێڕین دیارترین خەڵاتی تاکی یاریزانانە لەتۆپی پێ، ڕۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی لەسەر ماڵپەڕی خۆی 7 ڕاستی دەربارەی ئەم خەڵاتەی خستۆتە ڕوو کە پێویستە بزانرێن:

### جۆرج جویا یەکەمین یاریزانی نائەوروپی بوو خەڵاتەکەی بردەوە:

بەر لەساڵی 1995ئەم خەڵاتە دەدرایە ئەو یاریزانانەی کەنوێنەرایەتی هەڵبژاردەکانی ئەوروپای دەکرد، بەڵام لەدوای ئەم ساڵە یاساکان گۆڕدران و هەموو ئەو یاریزانانەی گرتەوە کە نوێنەرایەتی یانەکانی ئەوروپا دەکەن، بەچاوپۆشی لە ڕەگەزنامەکانیان، لەهەمان ساڵدا یاریزانی لیبیری جۆرج ویا، ئەم خەڵاتەی بردەوە، دوای ئەوەی وەرزێکی بەهێزی لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان و میلان پێشکەشکرد، کە ئێستا ئەم خەڵاتە دەدرێتە باشترین یاریزانی جیهان، لەجیاتی باشترین یاریزانی ئەوروپا، کە یاساکانی پێشوو یاریزانی وەکو پیلێ و گارینشیاو ماریۆ کیمبس و دییێگۆ مارادۆناو ڕۆماریۆی لەم خەڵاتە بێبەشکردووە.

### بلاکبۆل لەلیستی ڕێزداراندایە:

ستانلی ماسیۆسی ئینگلیزی خاوەنی یەکەمین خەڵاتی تۆپی زێڕینە کە ئەوکات لەتەمەنی 41ساڵی دابوو، لەریزی یانەی بلاکبۆل یاری دەکرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەبلاکبۆل پێش یانەکانی ئینگلیزی وەکو ئارسناڵ و چێڵسی کەوتۆتەوە کە هیچ یاریزانێکیان نەیانتوانیوە ناویان لەلیستی ئەم خەڵاتە تۆمار بکەن.





### بەرشلۆنە لەپێشەنگدایە

یاریزانانی بەرشلۆنە خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئەم خەڵاتەن بە 11جار، 5بۆ لیۆنێل مێسی، پاشان ڕیال مەدرید لە پلەی دووەم دێت بە 9خەڵات، ئینجا یۆڤنتۆس و میلان بە 8خەڵات، ئینجا مان یونایتدی ئینگلیزی بە 4خەڵات.

### دەستکەوتی کیگان:

ئەستێرەی ئینگلیزی کیڤین کیگان خاوەنی پێشینیەکی ناوازەیە، کە یەکەمین ئینگلیزییە ئەم خەڵاتە بەدەست بێنێت بەڵام لەدەرەوەی وڵاتەکەی، دوای ئەوەی یانەی لیڤەرپوولی جێهێشت و چووە یانەی هامبۆرگ و 3وەرزی لەگەڵ یانەی ئەڵمانی بەسەر برد و 2جار لەدوای یەک لەساڵانی 1978و 1979ئەم خەڵاتەی بەدەستهێنا.

### باڵا دەستی هۆڵەندا:

هەریەک لە ئەڵمانیاو هۆڵەندا پێشەنگی ئەو وڵاتانەیان گرتووە کە خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئەم خەڵاتەن، بە 7جار، خەڵاتەکانی هۆڵەندا لەرێگای یۆهان کرۆیف و مارکۆ ڤان باستن کە هەریەکەیان خاوەنی 3خەڵات بوو، لەگەڵ خەڵاتێک بۆ ڕۆدی گۆلێت. بەڵام ئەڵمانیا لەرێگای پیکنپاوەرو کارل هاینز ڕۆمینگە، هەریەکەیان 2جار و جارێکیش بۆ گێرد مۆلەرو لۆتەر ماتیۆس و ماتیاس زامەر. پاشان پورتوگال و فەرەنسا لەپلەی سێیەم دێن بە 6خەڵات، کە ڕۆناڵدۆ 4نازناوی هەیەو ئەگەر ئەمجارەش بیباتەوە دەبێتە خاوەنی 5خەڵات بۆخۆی و 7بۆ وڵاتەکەی، خەڵاتێکیش بۆ ئۆزیبیۆ و لویس فیگۆ، خەڵاتەکانی فەرەنسا لەرێگای پلاتینی 3جار بەرامبەر یەک خەڵات بۆر یمۆن کۆپاو گان پیپێرباوان و زینەدین زیدان.

### یاشین تاکە گۆڵپارێزی خاوەن ئەم خەڵاتە:

دوای ئەوە 2ساڵ پارێزگاری لەتۆڕەکەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی کرد، لیف یاشین تاکە گۆڵپارێزە توانیویەتی خەڵاتی تۆپی زێڕین بباتەوە، ئەویش لەساڵی 1963بوو، لەسەر ئاستی بەرگریکاران هەیەک پیکنپاوەرو زامەرو ماتیۆس و فابیۆ کاناڤارۆ ئەم خەڵاتەیان بردۆتەوە، بەڵام زامەرو ماتیۆس لەدوایدا ڕاهاتبوون لەهێڵی ناوەڕاست یاری بکەن.

### دەسەڵاتی ڕەها:

پێشتر 3یاریزانە لەیەک تیپ 3 پلەکانی پێشەوەیان گرتبوو لە 3 بۆنەدا، یەکەمین جار لەساڵی 1988 بوو کە ڤان باستن خەڵاتەکەی بردەوە دوای ئەوەی پێش هاوڕێکەی ڕۆد خۆلیت و فرانک ڕیکارد کەوتەوە، لەساڵی دواتر بەهەمان شێوە لەسەر حیسابی فرانک باریزی و ڕیکارد بووە خاوەن خەڵات. لەدوای ساڵی 2007ڕۆناڵدۆ لەیەکێک لە سێ پلەکەی پێشەوەی هەبوو، تەنها لەساڵی 2010نەبێت، کە مێسی ململانێی لەلەلایەن ئەندریاس ئەنیێستاو چاڤی هێرناندێزی هاوڕێی لەیانەی بەرشلۆنە هەبوو ململانێ دەکرا.

**نەبەز ڕوستایی**